# بەشداری هونەرمەندی کاری برۆنز سیروان ڕەووف لە گەورەترین پێشەنگای هونەری ناوەڕاستی هۆڵەندە

**ئامادەکردنی: سەردار فەتاح ئەمین**

**هونەرمەند سیروان ڕەووف هونەرمەندێکی کوردی پەیکەر تاشە، بە برۆنز کار دەکات. لە دایك بووی ٣٠ / ١١ / ١٩٦٠ ی شاری بەغدایە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ ەوە لە هۆڵەندە دەژی. لە ووڵات وەك هونەرمەندێك لە پێشەنگای هاوبەش و تایبەتدا بەشدار نەبووە، نەیتوانیووە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان تەواو بکات. دەرچووی کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدایە.**

**لە کوردستان بە گەچ کارە هونەریە پەیکەرسازییەکانی ئەنجام دەدا، لە سەرەتای گەیشتنییەوە بە هۆڵەندا، بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا پەرە بە بەهرەکەی خۆی بدات و توانیوێتی نزیکەی ٢٠ پێشەنگای هاوبەش و تایبەتی خۆی بکاتەوە:**

**بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم هونەرمەندەوە بڕوانە ماڵپەڕی تایبەتی سیروان خۆی:**

http://www.sirwan.nl/

** لە حوزەیرانی1995دا بەشداری لە فیستفاڵی Mondial Dongen کردووە، لە خوارووی هۆڵەندا بە چەند پەیکەرێك.*

****یەکەم پێشەنگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی شارەوانی Rijen کردۆتەوە. لە ڕێکەوتی 11 تشرینیدووەم تا 1 کانوونی یەکەمی 1995.***

****دووەم پێشەنگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی شارەوانی Epe کردۆتەوە، لەساڵی 1996دا.***

**** پێشەنگای Kunstroute Veluwe لە ڕێکەوتی 12 تەموزی تا 10 ئابی 1997.***

**ئەمانەی سەرەوە هەندێك لە پێشەنگاکانێتی لە ناو هۆڵەندەدالە چەندەها پێشەنگای هاوبەش ە تایبەتیدا بەشداری کردووە.**

**دوا پێشەنگاش لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 29 / 3 ەوە تا 01/ 04 / 2002 لەگەڵ 200 هونەرمەندتر دا، لە پێشەنگای (ڕووداوی هونەر) kunstevent بە 27 کاری برۆنزی گەورە و بچووك بەشداری کردووە، ئەم پێشەنگایە ئێستا بەردەوامە لە هۆڵی ئەمەریکا لە شاری ئەپڵدۆرن کراوەتەوە و ساڵانە چوار پێشەنگای لەم جۆرە لە ناوەڕاست و خواروو و سەروو و لە Kunst-AHOY لە هۆڵەندە دەکرێتەوە.**

**شایانی باسە تەنها هونەرمەندێکی شێوەکاری عێراقی عەرەبیش بە ناوی زیاد حەیدەر کە کاری پۆرترێتی پێشکەش کرد بوو بەشدار بوو. ئەمانەش هەندێك لە کارەکانی سیروان ڕەووفە، کە لەگەڵ ئەم هەواڵدا نێردراوە.**



